E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕەخنە لە مێژووگەرایی لای کارل پۆپەر

**بادینان محەمەد ڕەسوڵ** بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە،کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق

ئیمەیڵ: Badinan.741163@gmail.com

**حەسەن حسێن سدیق** بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین،ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

ئیمەیڵ: hassan.25@uor.edu.krd

**جەمال فەتحوڵا تەیب** بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

ئیمەیڵ: jamal.fathulla@koyauniversity.org

**پوختە:**

کارل ڕایمۆند پۆپەر یەکێک بووە لە فەیلەسوفە کاریگەر و دیارەکانی سەدەی بیست، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە هەردوو کۆمەڵە زانستی سروشتی و کۆمەلایەتی، بەو مانایەی لە پانتایی جیاوازی مەعریفەدا کاری کردووە. کارەکانی، لە هەموو ئەو بوارانەی کە قسەی لەبارەوە کردووە، جێگای توێژینەوە بووە و لێکۆڵەران و بیرمەندانی بە خۆیەوە خەریک کردووە. ئەم توێژینەوەیەش یەکێکە لەو توێژینەوانە و ڕووبەرێکی کاریگەر و فراوانی فەلسەفەی پۆپەر دەخاتەڕوو.

ڕەخنەی پۆپەر لە مێژووگەرایی یەکێکە لە مۆرکە سەرەکیەکان کە ئەوی پێدەناسرێت. لەوەش زیاتر، بە دیاری کراوی دەکریَ بڵێین دوو کتێبی (هەژاری مێژووگەرایی و کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی) بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

لە توێژینەوەکەدا ( ڕەخنە لە مێژووگەرایی لای کارل پۆپەر) ڕەخنەی پۆپەر لە مێژووگەرایی کراوەتە ئامانج، هەوڵدراوە بابەتیانە دیدی ئەو سەبارەت بەم باسە بخرێتەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** پۆپەر، ڕەخنە، مێژوو، مێژووگەرایی، حەتمیەت

## پێشەکی:

### بایەخی توێژینەوەکە:

لە نێو کایەی فەلسەفەی مێژوودا زۆر ڕوانگە و لێکدانەوەی جیاواز بەرچاو دەکەوێت. لێکدانەوەکانیش بەجۆرێک لە لایەن خاوەن و شوێنکەوتووانی لێی دەڕوانرێت، وەک بڵێی یاسای سروشتی بێت و بۆ بەرەنگاربوونەوە نەشێت. لێکدانەوە دیارەکانیش خۆی دەبینێتەوە لە (خولاو خول و پێشکەوتن و کەوتن یان گەڕانەوە). بەڵام کارل پۆپەر وەک فەیلەسوفێکی سەدەی بیست ئەو لێکدانەوانەی لە ژێر چەمکی (مێژووگەرایی) کۆکردەوە و بوێرانە لە گۆشەیەکی ڕەخنەییەوە سەیری کردوو و ڕەخنە بە پێزەکانی ئاراستەی ئەو فۆرمە هزرینە کرد. ڕەخنەکانیشی بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەردوو کتێبی (هەژاری مێژووگەرایی) و (کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی بەرچاو دەکەوێت)، ئاشنابوون لەگەڵ پۆپەر وادەکات بەرەو فۆرمێک لە هزرین هەنگاو بنێین و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە سەیری شتەکانی دەوروبەرمان بکەین، ئەمەش وا دەکات حەتمی بوون ڕەت بکەینەوە و بیرکردنەوەی هەمیشە لەسەر حەق بوون بنبڕ بکەین، هەر ئەمەش **بایەخی** توێژینەوەکان نیشان دەدات.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەو سەردەمەی پۆپەر تیایدا ژیانی گوزەراند (١٩٠٢--١٩٩٤)، دەکرێ بڵێین سەدەی ململانێ و جەنگی ئایدۆلۆژیاکان بووە. هەر لە نازیزم و فاشیزمەوە تا سەرمایەداری و مارکسیزم. کاریگەری ئەو ئایدۆلۆژیایانە لەسەر بەشی زۆری

ڕۆشنبیران و بیرمەندان و سیاسەتمەدارانی ئەو سەدەیە دەبینرا، تەنانەت کاریگەریەکە درێژبۆتەوە و تا ئێستاش بە ڕونی لە نێو چینی ڕۆشنبیران و خوێنەران دەبینرێت. بەڵام پۆپەر دژی ئەو فۆرمە هزرینە وەستاوەتەوە و بانگەشەی بۆ کۆمەڵگای کراوە کردووە، کە پێچەوانەکەی بۆ مێژووگەراکان ڕاستە. هەنگاونانی پۆپەر دژی بیرکردنەوەی گشتی سەردەمەکەی خۆی **هۆکارێکی** سەرەکی توێژینەوەکەیە.

**مەبەستمان لەم توێژینەوەیە** ڕوونکردنەوەی ئەو لێڵیەیە کە لە بەکارهێنانی چەمکی (مێژووگەرایی) لای پۆپەر دەبینرێت، هاوکات پێناسەکردن و ڕەخنەکانیشی لێی لەخۆدەگرێت.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا **میتۆدی** شیکاری بەکارهاتووە و هەوڵدراوە مانای مێژووگەرایی و ڕەخنەکانی پۆپەر سەبارەت بەم باسە شرۆڤە بکرێت.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە ٢ تەوەر پێکدێت، لە تەوەرەی یەکەمدا پێناسەی مێژووگەرایمان کردووە، لە تەوەرەی دووەمدا ڕەخنەکانی پۆپەر باس کراوە، کە ئەویش دابەش بۆ دوو لق دەبێت. جێگای باسە لە کۆتایدا ئاماژەمان بەو سەرچاوانە کردووە، کە لە نوسینی توێژینەوەکە سودی لێوەرگیراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## تەوەرەی یەکەم: پێناسەی مێژووگەرایی

مێژووگەرایی یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە خوێندنەوەی فەلسەفەی مێژوودا بەرچاومان دەکەوێت. مشتومڕ و گفتوگۆیەکی بەرچاو هەیە لەبارەیەوە. هەندێک وەک پرسێکی بڕوا بوون بە ناحەتمیەتی مێژوویی ناساندوویانە، هەندێکی تر وەک حەتمیەتی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. ئێمە لێرەدا تەنها وەک پرسێکی زەق لای پۆپەر دەیخەینەڕوو. مێژووگەرایی یەکێکە لەو ڕێبازانەی کە پۆپەر هەر لە سەردەمی لاوییەوە پێی ئاشنا بوو. بەڵام بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە کاری تر، بە دیاریکراویش کارکردن لەسەر زانستی سروشتی بۆی نەلوا و نەپڕژایە سەری بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ورد لەو بارەیەوە بکات. هاوکات لە سییەکانی سەدەی بیست بەهۆی زەقبوونەوەی ئایدۆلۆژیای فاشیزم و نازیزم و کۆمۆنیزم و دەرکەوتە مەترسیدارەکانیان، پۆپەر دووبارە ڕووبەڕوو بوو لەگەڵ ئەم ڕێبازە. لەم پێناوەدا کتێبی (هەژاری مێژووگەرایی) نووسی و ڕەخنەی لەم ڕێبازە گرت. دوای ئەویش کتێبی (کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی) لە ساڵی ١٩٤٥ لە دوو بەرگدا لە چاپدا و مێژوو یاخود ڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕێبازەی خستەڕوو و ڕێبەران و هەڵگرانی ڕێبازەکەی بە دوژمنانی کۆمەڵگای کراوە ناوزەند کرد (Birner,2018).

بەکارهێنانی مێژووگەرایی وەک زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و لە گرنگترین بەکارهێنەرانی (دیلتای)[1] بوو، کە وەک پەرچەکردارێک دژی ئایدیای پۆزەتیڤیستەکان بۆ زانست و مەعریفە بە کاری هێنا. هەروەها لەگەڵ ئەو باوەڕە بوو کە شتەکان مێژوویان هەیە و پێویستە لە ڕوانینمان بۆ شتەکان ئەو مێژووە لەبەرچاو بگیرێت (The Concise ؛THE CAMBRIDGE DICTIONARY OF PHILOSOPHY, 1999:386) (Encyclopedia of Western Philosophy,2005:159).

مێژووگەرایی لە ڕووی چەمکەوە " ڕێبازێکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەعریفەی کارو بارەکانی مرۆڤ تایبەتمەندییەکی مێژووییان هەیە و ناتوانرێت کورت یاخود پوخت بکرێتەوە. هەروەها ناتوانرێت هیچ دیدێکی نامێژوویی

[1] ویلیەم دیلتای (Wilhelm Dilthey) ١٨٣٣-١٩١١ فەیلەسوفێکی ڕەخنەیی و مێژووناسێکی گەورەی ئەڵمانییە. بە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە میتۆد لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێت. کە جیاکاری کرد لە نێوان زانستە سروشتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لە بواری میتۆد و مێتۆدی تێگەیشتنی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراند (Simon,1996:106).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

هەبێت بۆ تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگا. هەر بۆیە مەعریفەی مێژوویی پێویستی بە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی هەیە، کە ئەنجامێکی ئەقڵانی بۆ هەموو مەعریفەی چالاکییەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکات" ( THE CAMBRIDGE DICTIONARY OF PHILOSOPHY,1999:386). لەم پێناسەیدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بە پێی مێژووگەرایی ناکرێت مێژوو بچووک بکرێتەوە لەو ڕووداوانەی کە زانراون. بەڵکو لە پشتی ڕووداوەکانەوە مانایەک هەیە کە پێویستمان بە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی هەیە، بۆ ئەوەی نادیاریەکان یان نهێنییەکان یان کۆدەکانی پشت ڕووداوەکانمان بۆ ئاشکرا بکات یان بخوێنێتەوە.

بەڵام لای پۆپەر، مێژووگەرایی تەنها ئەو پێناسانە لەخۆناگرێت، بەڵکو لای ئەو " مێژووگەرایی ڕێبازێکە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە وای دادەنێت ئامانجی بنچینەیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێشبینی کردنی مێژووییە، هەروەها وای دادەنێت ئەو ئامانجە بە دۆزینەوەی 'ریتمەکان' یان 'نەخشەکان' یان 'یاساکان' یان 'ئاڕاستەکان' بەدەست دێت، کە بناغەن بۆ پەرەسەندنی مێژوو". هەڵبەتە پێویستە بوترێت پۆپەر ئاماژە بەوە دەکات هەڵبژاردنی زاروەیەکی نەناسراوی وەک "مێژووگەرایی" بە ئەنقەست بووە و ئامانج لە هەڵبژاردنیشی ڕەخنەگرتن بووە لە باوەڕی مێژووگەراکان و ڕەخنەگرتنەکەشی بێ بنەما نییە (Popper,1986:3).

بەڵام هەڵبژاردنی چەمکی مێژووگەرایی لە لایەن پۆپەرەوە جێگای لێکدانەوە ورەخنەی بیرمەندانە. لەوانە دۆناگان (Donagan) ئاماژە بە ڕەخنەی مایەرهۆف (Meyerhoff) دەکات، کە پێی وایە پۆپەر زاراوەی (historicism) ی لە زاراوەی (Historismus)ی ئەڵمانی وەرگرتووە کە لە لایەن دیلتای بەکارهاتووە، هەروەها درێژەی پێدەدات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم زاراوەیە لە لایەن دیلتای و کەسانی تریش بە مانای جیاواز لە (historicism)ی پۆپەر بە کارهاتووە. چونکە بەکارهێنەرانی چەمکی (Historismus)یان بە مانای حەتمیەت بەکاریان نەهێناوە (Donagan,1974,Book 2:905)؛(خیربک،٢٠٠٢،ص:١١٨). لە وەڵامی ئەم ڕەخنەیەدا پۆپەر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە پەیوەندی بەهێز لە نێوان ڕێژەگەرایی مێژوویی و مێژووگەرایی هەیە، ئەگەرچی یەکەمیان باوەڕی بە ڕێژەیی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

بوونە و دووەمیان باوەڕی بە حەتمییەتە، ئەو شپینگلەر[١] بە نمونە دێنێتەوە کە هەردوو تایبەتمەندی تێدایە، پێی وایە شپینگلەر ڕێژەگەرایە لە تێگەیشتنی دیلتای بۆ ڕێژەگەرایی، لە هەمان کاتدا مێژووگەرایە لە تێگەیشتنی پۆپەر بۆ مێژووگەرایی، چونکە شپینگلەر پێشبینی کەوتن یاخود پوکانەوەی ڕۆژئاوا دەکات، هەروەها شپینگلەر کرۆکگەراییە، کە پەیوەندی زۆر بەهێزی لەگەڵ مێژووگەرایی هەیە (لە درێژەی ئەم تەوەرەدا پەیوەندی نێوان کرۆکگەرایی و مێژووگەرایی ڕوون دەکرێتەوە) (Popper,1974,book:2:1173).

## تەوەرەی دووەم: ڕەخنە لە مێژووگەرایی

مێژووگەرایی جەخت لەسەر پێشبینی کردن وەک کارێکی گرنگی زانست دەکاتەوە ، پۆپەریش لایەنگیری خۆی بۆ ئەو ئامانجەی زانست دەخاتەڕوو. بەڵام ئەو جیاکاری دەکات لە نێوان دوو جۆر لە پێشبینی کردن. یەکەمیان پێشبینی کردنێکی زانستییە، کە زاراوەی (prediction)ی بۆ بەکارهێناوە، ئەم جۆرە پێشبینی کردنە مەرجدار و کورت مەودایە (Popper,1962:339). بە مانایەکی تر لە دۆخێکی لەم شێوەیە ئەنجامێکی دیاریکراو بە دەست دێت. بۆ نمونە: ئاو دەکوڵێت ئەگەر پلەی گەرمی بەرزبێتەوە بۆ ١٠٠ پلە. یان مادە دەگۆڕێت بۆ وزە ئەگەر خێراییەکەی بگات بە خێرایی تیشک. نمونەش بۆ کورت مەودا پێشبینی کردنی کەش و هەوا. جۆری دووەم پێشگۆیی مێژووییە کە زاراوەی (Prophecy) بۆ بەکارهێناوە. ئەم جۆرە پێشبینی کردنە جێگای سەرنج و ڕەخنەی پۆپەرە کە مێژووگەراکان ئەنجامی دەدەن. جێگای باسە ئەم جۆرە لە پێشبینی کردن زیاتر بیروڕای کەسییە نەک بابەتی کە جێگای بایەخی زانستە. لە تایبەتمەندییەکانی بریتین لە پێشبینی کردنێکی دوورمەودای بێ مەرج (Passmore,1975:35). بە مانایەکی تر دەکرێ بڵێین بانگەشەیەکی غەیبزانییە و پشت نابەستێت بە تاقیکردنەوە. لەم جۆرەدا پێشبینییەکان لە خۆوە دەکرێت و نازانرێت ئەنجامەکانیش بەدەست دێن یان نا. باشترین نمونەش بۆ ئەم جۆرە پێشبینییەکەی کارل مارکسە سەبارەت بە کۆمۆنیزم، یان پێشبینی ئاینەکان سەبارەت بە ڕۆژی دوایی. جیاوازی گەورە لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە پێشبینی کردن هەیە. لە یەکەمیاندا زانستییانە پێشبینی دەکرێت و ئەو ئەنجامانەش کە بەدەست دێن چاوەڕوانکراون. بەڵام لە

---

[١] شپینگلەر مێژووناس و فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە کە لە ماوە ساڵانی (١٨٨٠-١٩٣٦) ژیاوە (Simon,1996:359).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

جۆری دووەم بنەمای پێشبینی کردنەکە مێژووە و لە ڕێگەی مەعریفەی مێژووەوە پێشبینی دەکرێت و بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای تێبینی کردن بنیاد نراوە، تێبینی کردنیش نابێتە بنچینە بۆ زانستی بوون، ئەو ئەنجامانەش کە چاوەڕێ دەکرێ ڕوو بدات، بایی پێویست نین و ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت ( پۆپەر،٢٠٠٦،ب:١٠-٢١). هەر سەبارەت بە جیاوازی ئەو دوو جۆرە پێشبینیە، پێشگۆیی مێژوویی ناتوانرێت ڕێی لێبگیرێت واتا حەتمییە، لە کاتێکدا پێشبینی کردنی تەکنەلۆژی (بە بەکارهێنانە پۆپەرییەکەی) داهاتوو بە کراوەیی بۆ ئەگەری زیاتر بە جێدێڵێت (Urbach,1978:124).

جێگای سەرنجە لە خوێندنەوەی ڕەخنەکانی پۆپەر بۆ مێژووگەرایی، خوێنەر ڕووبەڕو دەبێت لەگەڵ دووڕیانێک و ئەو پرسیارەی لا گەڵاڵە دەبێت: ئایا ڕەخنەی پۆپەر لە مێژووگەرایی لە ڕووی تیۆریەوەیە یان لە ڕووی میتۆدی؟ یان مەبەستی پۆپەر لە مێژووگەرایی چییە؟ ، ئەو لێڵیە لە بەکارهێنانی زارەوەی مێژووگەرایی بووە بە جێگای ڕەخنە بۆ بەشێک لەو توێژەرانە یان ئەوانەی کە پێداچوونەوەیان بۆ کتێبی (هەژاری مێژووگەرایی) کردووە. یەکێک لەوانە پیترم (Pitirim)ە کە پێی وایە ئەو زاراوەیە ناڕونی تێدایە، بەوەی لە هەندێک شوێن وەک سیستەمێک یان قوتابخانەیەکی هزری زانستی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵناسی دەبینرێت، لەکاتێکدا ئاماژەی بە ڕێبەرە دیارەکانی قوتابخانەیەکی لەم شێوەیەی نەکردووە. لە لایەکی تر بە سەرنجدان لە پێناسەکەی پۆپەر بۆ مێژووگەرایی ئەوە تێبینی دەکرێت کە مەبەست لە مێژووگەرایی هەموو ئەو تیۆرانەیە کە پێشبینی مێژوویی دەکەن (Sorokin,1958:334)؛(Kenaw,2010:320). بە چوونە ناو ڕەخنەی پۆپەر لە مێژووگەرایی بە قوڵی و هەروەها بە سوود بینین لە جۆن پاسمۆر، کە یەکێکە لە لێکۆڵەرانی فەلسەفەی کارل پۆپەر، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مێژووگەرایی لای پۆپەر تەنها کایەک نییە بۆ توێژەران و تایبەتمەندی میتۆدی هەبێت. بەڵکو لە هەمان کاتدا مێژووگەرایی ڕەهەندی تیۆری هەیە و لایەنگری زۆریشی هەیە (Passmore,1975:30). دەکرێ بوترێ کتێبەکەی (هەژاری مێژووگەرایی) سەلمێنەری ئەوەیە کە پۆپەر مێژووگەرایی وەک میتۆد سەیر دەکات. لە هەمان کاتدا بە سەرنجدان لە کتێبی (وانەی ئەم سەدەیە) وا دەردەکەوێت تیۆرێک بێت و ڕەهەندی سیاسی هەبێت. جگە لەمەش، لە چەند شوێنێکدا پۆپەر دیدی خۆی بۆ مێژووگەرایی ڕوون کردۆتەوە، بۆ نمونە: لە کتێبەکەیدا ( Conjectures and


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

Refutations) ئاماژە بەوە دەكات كە مێژووگەراكان پێشگۆیی مێژوویی وەك پێویستییەك دەبینین بۆ سیاسەت كردن بە ڕێگەیەكی ئەقڵانی. بەمەش مێژووگەرایی ڕەهەندێكی تیۆری لەخۆی دەگرێت. هەر لە هەمان كتێبدا ئاماژە بەوە دەكات كە زۆرێك لە هاوڕێیانی ماركسیستن، ژمارەیەكی بەرچاویش لەو هاوڕێیانە فیزیازان و بایۆلۆژیستی زۆر باشن، ئەوان جەخت لەوە دەكەنەوە و سەرسامن بە بانگەشەی ماركسیزم و وەك زانستێك دەیبینن كە زۆر پێشكەوتووە و میتۆدی پێشبینی كردن وەك زانستە سروشتییەكان جێبەجێ دەكات، پۆپەریش دەیەوێت بیسەلمێنێت كە ماركسیزم بنەمای زانستی نییە (Popper,1962:336-337). لێرەدا ڕەهەندی میتۆدی مێژووگەرایی دەردەكەوێت. لە قوڵێكی ترەوە، بە سەرنجدان لە پێناسەكەی پۆپەر بۆ مێژووگەرایی دەتوانرێت تێبینی ئەوە بكرێت كە هەردوو ڕەهەندی تیۆری و میتۆدی بەرجەستە دەبێت. لە سەرەتای پێناسەكە ئەوە دەخاتە ڕوو كە "مێژووگەرایی ڕێبازێكە بۆ زانستە كۆمەڵایەتییەكان كە وای دادەنێت ئامانجی بنچینەیی زانستە كۆمەڵایەتییەكان پێشبینی كردنی مێژووییە" لێرەدا ڕەهەندی میتۆدی دەركەوتووە كە زانستە كۆمەڵایەتییەكان پەیڕەوی دەكەن. لە بەشی كۆتایی پێناسەكە ئەوە دەخاتەڕوو كە " ئەو ئامانجە بە دۆزینەوەی 'ریتمەكان' یان 'نەخشەكان' یان 'یاساكان' یان 'ئاڕاستەكان' بەدەست دێت، كە بناغەن بۆ پەرەسەندنی مێژوو" ، لێرەدا ڕەهەندی تیۆری دەركەوتووە، بەوەی كە مێژووگەرایی تیۆرێكە باوەڕی بە دیاری كردنی یاسایەك یان ئاڕاستەیەك هەیە بۆ مێژوو، هەروەها ئەو یاسایەش وەك بناغە دەبینرێت بۆ پەرەسەندنی مێژوو.

لەم پەرەگرافەی سەرەوە ئەوە ڕوونكرایەوە كە مێژووگەرایی خاوەن دوو ڕەهەندە، بەڵام پێویستە ئەوە بوترێت كە پەیوەندی بەهێز لە نێوانیان هەیە و پەیوەندییەكە لە پەرەگرافەكانی داهاتوو دەبینرێت. بۆ ئەوەی زیاتر زارەوەی مێژووگەرایی لای پۆپەر ڕوون بێت هەروەها ڕەخنەكانی پۆپەر لەم چەمكە دەست نیشان بكرێت، لێرەدا لەسەر بنەمای ئەو دوو ڕەهەندە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## ڕەهەندی یەکەم: مێژووگەرایی وەک تیۆر

لە گۆشەنیگای پێناسەکەی پۆپەرەوە بۆ مێژووگەرایی، مێژووگەرایی بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کە مێژوو وەک زانستە سروشتییەکان خاوەن یاسا و ڕێرەوی خۆیەتی بە پێی ئەو یاسایانە مێژوو بەردەوام دەبێت، وە ئەگەر پەی بەو یاسایانە ببردرێت دەتوانرێت ئێستا بزانرێ و داهاتووش پێشبینی بکرێت و ڕوون و بەرچاو بێت. لە دیدی مێژووگەرا کارەکتەری سەرەکی مێژوو نەتەوەی مەزن و ڕێبەری مەزن یان هزری مەزنە، ئەوان ڕۆڵی تاک لە گەشە و گۆڕانکارییەکان بێ بایەخ دەبینن، هەروەها هەوڵ دەدەن لە ڕووداوەکانی ناو مێژوو تێبگەن و پەی بە یاساکانی ببەن، دوای ئەمەش داهاتوو بنەخشێنن. ئەگەرچی مێژووی زاراوەی مێژووگەرایی زۆر کۆن نییە، بەڵام پۆپەر ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەگی ئایدیاکە بۆ مێژووی کۆن دەگەڕێتەوە. جێگای باسە ئەو لە ماوەی ژیانیدا سەروکاری لەگەڵ مارکسیزم هەبوو بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕیشەی هزرەکە لە مارکسەوە دەگەڕێتەوە بۆ هیگڵ و دواتریش بۆ جۆن ستیورات میل[1]، کە ئەویش لە کۆمت (Comte)[2]ەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە، پێش کۆمتیش پلاتۆ و لە ئەویش بەرەو خوار هیراکلیتس ئینجا هێزیۆد (Hesiod)، بەڵام پێویستە بوترێت لە هێزیۆدیش کۆنتر (گەلی هەڵبژاردە)ی جولەکەیە، بەم شێوەیە ڕیشەی ئایدیاکە بۆ خۆرهەڵات دەگەڕێتەوە (Popper,1962:338)؛(پۆپەر،٢٠٠٦ ،ب:١ :٣٠).

کەواتە دەتوانین بڵێین بنەمای مێژووگەرایی ئەوەیە سوود لە مێژوو دەبینرێت و تیایدا هەوڵ دەدرێت بۆ ئەوەی مانایەک بە مێژوو ببەخشن، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو ئامانجی ئەوان بۆ تێگەیشتنە لە ئێستا و دوای ئەوەش پێشبینی کردنی داهاتوو لەسەر بنەمای ئەو مەعریفە مێژووییەی کە هەیە. لەم گۆشەنیگایەوە مێژووگەرا، ئەو کەسەی باوەڕی بە مێژووگەرایی هەیە، باوەڕی بە حەتمییەتی مێژوویی هەیە و دوچاری دۆگمایی دەبێت، بەوەی داهاتوو چارەنووسە

[1] جەیمس میل (Mill,James) فەیلەسوفێکی سکۆتلەندییە، لە ماوەی ساڵانی (١٧٧٣-١٨٣٦) ژیاوە (THE CAMBRIDGE DICTIONARY OF PHILOSOPHY,1999:567).

[2] ئۆگست کۆمت (Comte,Auguste) فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە، لە ماوەی ساڵانی (١٧٩٨-١٨٥٧) ژیاوە و بە دامەزرێنەری پۆزەتیڤیزم دادەنرێت (THE CAMBRIDGE DICTIONARY OF PHILOSOPHY,1999:168).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

و ناکرێت خۆی لێ لابدەی ئەمەش پێی دەوترێت چارەنووسی مێژوویی کە پۆپەر وەک ئایدیایەکی بێ مانا سەیری دەکات، چونکە ناکرێت هیچ پێشبینییەکی زانستی و ئەقڵانی هەبێت لە ڕێرەوی مێژوودا. (Popper,1986:v). مەبەستی پۆپەر لێرەدا ئەوەیە کە داهاتوو بەو مانای کە مێژووگەراکان لێی تێگەیشتون، چارەنوس نییە، بەڵکو داهاتوو بۆ هەموو ئەگەرێک کراوەیە.

وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بنچینەی کاری مێژووگەرایی پێشگۆیی مێژووییە، پۆپەر ئەمە وەک مەترسی دەبینێت، چونکە هەندێ جار پێشگۆییەکە کاریگەر دەبێت لەسەر ڕووداوە پێشبینی بۆ کراوە، پۆپەر ئاماژە بۆ ئەفسانەی گرێی ئۆدیپ دەکات، کە لە ئەفسانەکەدا ئۆدیپ باوکی خۆی کوشت کە هەرگیز پێشتر نەیبینی بوو، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی پێشگۆیی بوو. لەبەر ئەوە پۆپەر پێی دەڵێت (کاریگەری ئۆدیپ) وەک ناونیشانێک بۆ کاریگەری پێشگۆیی لەسەر ڕووداوە پێشگۆیی بۆ کراوەکە (Popper,1986:13).

زۆر لە وانەی شوێنکەوتەی مێژووگەراین، دەیانەوێت لە ڕێگەی ڕێبازەکەیانەوە زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی بەهێز بگوازنەوە بۆ دەستی سیاسەتمەدارەکان، بۆ ئەوەی دەستبگرن بەسەر کۆمەڵگادا و کاروبارەکانیان بە ڕێگەیەکی ئەقڵانی ئەنجام بدەن (Popper,1986:57). هەر بۆیە مێژووگەرایی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کایەی سیاسەت هەیە، وەک لە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا پۆپەر لە سەرەتاکانی ژیانیدا لەگەڵ مارکسیست بوو، دواتریش لەگەڵ فاشیزم و نازیزم ئاشنابوو. ئەمە بۆ ئەو تەنها ڕووداوێک نەبوو، بەڵکو پێویستی بە خوێندنەوە و بیرکردنەوەی زۆر بوو، بۆ ئەوەی لە ڕەگ و ڕیشە و مەبەستی ئەو ئایدۆلۆژیایانە تێبگات، تا لە کۆتایدا ئامانج و بنەمای ئەو ئایدیایانەی لە ژێر ناونیشانی چەمکی (مێژووگەرایی) لە قەڵەم دا. لە ئەنجامدا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بە گوێرەی مێژووگەرایی مرۆڤ بەستراوی چارەنوسێکە و ناتوانێت خۆی لێ لابدات، هەروەها مەحکومە بەو چارەنوسە و بژاردەی دیکەی نییە و ئەوانەی باوەڕیان بە مێژووگەرایی هەیە جەخت لەسەر حەتمییەتی مێژوویی دەکەنەوە. تا ئێرە لەوانەیە گرفت نەبێت کە کەسێک بەم شێوەیە بیر بکاتەوە، بەڵام ئاریشەکە کاتێک دەست پێدەکات کە ئەوانەی باوەڕیان بەو فۆرمە لە بیرکردنەوە هەیە دەیانەوێت لە ڕێگەی کایەی سیاسەت هەمووان ناچار بکەن کە ئەوەی ئەوان باوەڕیان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پێی هەیە ڕاستییە و پێویستە ملکەچ بن، چونکە لە ئایدیای ئەوان مێژوو وەک شەمەندەفەرێک سکەی تایبەتی خۆی هەیە و ئەوەی بیەوێت ڕێگا لەم شەمەندەفەرە بگرێت دەبێت لەناو ببرێت. ئەمەش وا دەکات مێژووگەرایی تۆتالیتاریزم بهێنێت بۆ مەیدان و دەست بکات بە لەناوبردنی ئەو تاک و کۆمەڵانەی کە دژی ئەو بۆچونە دەوەستنەوە. (پۆپەر،٢٠٠٦،ب:١ : ١٨).

هەر بۆیە پۆپەر پێی وایە بیرکردنەوەی لەم جۆرە کۆمەڵگای داخراو بەرهەم دێنێت. چونکە بنەمایەکی تۆتالیتاری هەیە ، کە بریتییە لە توانەوەی ئەوانی تر لە بۆتەی ئایدیای خوازراو، بەمەش بوونی هەر ئایدیایەکی جیاواز جێگای قبوڵ نییە و بۆشاییەک بۆ گفتوگۆ نامینێتەوە، لەوەش زیاتر هەر ئێستایەک ڕەت دەکرێتەوە کە ئەوان تیایدا پەنهان بن، ئێستا لای ئەوان دیارکراوە و جێگای گفتوگۆ ڕەت کردنەوە نییە، بە هەمان شێوە داهاتووش بڕیاری لەسەر دراوە. لە تایبەتمەندییەکانی تری کۆمەڵگای داخراو ئەوەیە هەر گۆڕانێک ڕەت دەکرێتەوە، ئەگەر لەگەڵ ئایدیای ئەوان نەگونجێت، هەروەها جێگای ڕەخەنگرتنی ئەقڵانی و ئازادی لە مەترسی دایە. ستەمکاری شوێنی ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنە دەگرێتەوە. لە کۆتایشدا دەبێت بە کۆمەڵگایەکی یەک ڕەنگ لە جێگای کۆمەڵگایەکی فرە ڕەنگ، مەبەستمان لەمە باوەڕبوونە بە یەک ئایدیا و یەک چارەنووس (Lessnoff,1980:103). لە بەرامبەر کۆمەڵگای داخراو پۆپەر کۆمەڵگای کراوە پێشنیار دەکات، کە وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات خاوەن دوو تایبەتمەندییە. یەکەمیان ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای کراوەدا گفتوگۆی ئازاد هەیە و گفتوگۆکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەت هەیە. دووەمیان ئەو دەزگایانەی کە لە کۆمەڵگای کراوەدا هەیە بۆ پاراستن و ئازادی لاوازەکانە، کە مەبەست لێی پاراستنی هاووڵاتیانە لە خراپ بەکارهێنانی هێزی ئابوری، ئەم بەرگری کردنەش لە ڕێگەی دەزگا یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانە. هەر بۆیە دەسەڵاتی سیاسی پێویستە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئابوری بکات. پۆپەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگای کراوە بۆ ئەوەیە تاکەکان ئازادانە هەناسە بدەن و بیربکەنەوە ، لەوەش زیاتر لە کۆمەڵگای کراوەدا هەموو تاکێک بەهای هەیە ( MARCUSE and POPPER,1985:78)؛(youtube,1974, Karl_Popper_Clips).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

هەر لە چوارچێوەی مێژووگەرایی وەک تیۆر دەتوانین مێژووگەرایی بۆ مێژووگەرایی میانڕەو و توندڕەو پۆلێن بکەین. ئەوەی کە لە سنوری بیرکردنەوەی میانڕەوانەدا جێگای دەبێتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت ئەو چارەنوسە تێکبشکێنێت کە هەیەتی، ئەویش لە ڕێگەی ئەو خەیاڵەی لە ناو خەیاڵدانی فەیلەسوفەکان قەتیس ماوە، بۆ نمونە ئەگەرچی پلاتۆ باوەڕی بە چارەنوسی مێژوویبە، بەڵام ئەو پێی وایە دەتوانین لە ڕێگەی دروست کردنی دەوڵەتێک کە فەیلەسوف حوکمداری بکات دەتوانرێت ئەو چارەنوسە مێژووییە لەناوببردرێت، بە مانایەکی تر یەک دەرچەی دەربازبوون هەیە ئەویش ئەوەیە کە پلاتۆ وینای کردووە. مێژووگەرایی توندڕەو، پێچەوانەی میانڕەو، پێی وایە مرۆڤ ناتوانێت ئەو چارەنوسە مێژووییە بگۆڕێت و بێ دەسەڵاتە بەرامبەری، بەمەش هەوڵی مرۆڤ بۆ گۆڕین یان باشتر کردنی دۆخەکان بێ ئاکامە، چونکە پێشتر دۆخەکان لە لایەن هێزێکەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

هەڵبەتە باوەڕی بەشێک لە مێژووگەراکانیش بۆ چاک کردنی کێشەکان، بە دیاریکراویش ئاریشە سیاسییەکان شۆڕشە. یان بە مانایەکی تر پێیان وایە ئەو ئایدیایەی ئەوان باوەڕیان پێی هەیە لە ڕێگەی شۆڕشەوە بەدی دێت یان یارمەتی بەدیهێنانی دەدات. هەر بۆیە سڵ ناکەنەوە لە هەر کارێکی توند و تیژی ( MARCUSE and POPPER,1985:83).

لێرەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە مێژووگەرایی وەک تیۆر بریتییە لە ڕوانین بۆ ژیان لە یەک گۆشەنیگاوە، یاخود دەتوانین بڵێین شێوازێک لە بیرکردنەوەیە کە ئامانجی پێناسە یا لەقالبدانی ژیانە، ئەم کارەش بە سودبینین لە مێژوو ئەنجامدەدات، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ڕوانینەکانی سەبارەت بە ڕابردووە، بە پێچەوانەوە پێمان دەڵێت ئێستا چییە و داهاتووش چی دەبێت. حەتمی بوون تایبەتمەندی سەرەکی مێژووگەرایی وەک تیۆرە و ئەگەری ڕوونەدان ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش وادەکات دۆگمایی بەرهەم بێت لەسەر ئاستی تاک و لەسەر ئاستی باڵاش، کە مەبەستمان سیاسەتمەدارەکانە، تۆتالیتاریزم بەرهەم دێت و کاردەکرێت بۆ توانەوەی ئەو کەس و گروپانەی کە جیاواز لە ئایدیای ویستراو بیردەکەنەوە. ئەو دۆخەش کە مێژووگەرایی زاڵدەبێت، لای پۆپەر بە کۆمەڵگای داخراو ناودەبرێت، کە تیایدا ڕەخنە و گفتوگۆ بەهای نییە، چوارچێوەیەک بۆ ژیان کێشراوە و دەرچوون لەو سنورە جێگای قبوڵ نییە، ئایدیای نوێ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پێشوازی لێناکرێت و هەر شتێکی نوێ کە پێچەوانە و دژ بێت لەگەڵ ئایدیاکە ڕەت دەکرێتەوە. لە دۆخێکی لەو شێوەدا، کۆمەڵگا وەک ئەو پیاوە پیرەی لێدێت کە چاوەڕێی مەرگ دەکات، بەو مانایەی ئەوەی چاوەڕێدەکرێت، پێشکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، بەڵکو قۆناغە پێشبینی بۆ کراوەکەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## ڕەهەندی دووەم: مێژووگەرایی وەک میتۆد

لە کتێبەکەیدا (هەژاری مێژووگەرایی) پۆپەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو توێژەرانەی بایەخ بە زانستی کۆمەڵایەتی دەدەن دوچاری گرفتێک دەبن، ئەویش بابەتی میتۆدە. زۆربەی توێژەرانیش بایەخ بە میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان بە تایبەتیش زانستی فیزیا دەدەن، هۆکارەکەشی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەیە کە زانستە سروشتییەکان بە دیاریکراویش لە بابەتی پێشبینی کردن بەدەستیان هێناوە. هەروەها لە کتێبەکەیدا جیاکاری دەکات لە نێوان دوو جۆر توێژەر و پۆلێنیان دەکات بۆ دژە-سروشتگەرایی و لایەنگری-سروشتگەرایی. دژە-سروشتگەرایی بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان وایە ناتوانین میتۆدەکانی زانستی فیزیا لەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ بکەین. لایەنگری-سروشتگەرایی بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان وایە دەشێ میتۆدەکانی زانستی فیزیا لەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ بکەین. لە کۆتایشدا ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەی هەردوو باوەڕی مێژووگەرایی دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەڵە تێگەیشتن هەیە بۆ میتۆدەکانی فیزیا (Popper,1986:1-2).

مێژووگەرا وا بیردەکاتەوە ئێمە زۆر بە وردی پێشبینی خۆرگیران دەکەین، بۆچی ناکرێت و گونجاو نییە پێشبینی شۆڕشەکان بکەین؟ هەروەها پێیان وایە ئایدیای بنچینەیی ئەوەیە دەکرێت پێشبینی شۆڕشەکان بکرێت وەک چۆن گونجاو و ڕەوایە پێشبینی خۆرگیران بکرێت. ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان هاوتایە لەگەڵ ئەرکی زانستە سروشتییەکان بۆ پێشبینی کردن. بە دیاریکراویش ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە پێشبینی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی مرۆڤ بکەن. (Popper,1962:338). دەکرێ بڵێین ئەوە کرۆکی میتودی مێژووگەراییە، هەر بۆیە پۆپەر لە بەراییەکانی کتێبی (هەژاری مێژووگەرایی) چەند ئەنجامێک، وەک بنەمایەک بۆ ڕەتکردنەوەی مێژووگەرایی، دەخاتەڕوو کە بریتین لە:

"١- ڕێرەوی مێژووی مرۆڤ بە تەواوی بە گەشەی مەعریفی مرۆڤ کاریگەرە.

٢- ناتوانین بە میتۆدێکی ئەقڵانی یان زانستی پێشبینی گەشەی داهاتووی مەعریفەی مرۆڤ بکەین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٣- ناتوانین پێشبینی ڕێڕەوی داهاتووی مێژووی مرۆڤ بکەین.

٤- ئەمە مانای ئەوەیە دەبێت مێژوو وەک تیۆر ڕەت بکەینەوە" (Popper,1986:vii).

مێژووگەراکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە کۆمەڵناسی وەک زانستی بایۆلۆژی مامەڵە لەگەڵ شتە زیندووەکان دەکات. لەم حالەتەشدا پێویستە لەگەڵ تاک مامەڵە نەکات، بەڵکو پێویستە لەگەڵ گشت مامەڵە بکات. واتا بنەمای باوەڕی مێژووگەرایی گشتگەراییە (Holism)[١]. بەو مانایە تاک پێویستە لە ناو کۆمەڵ یان گروپە کۆمەڵایەتییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بە پێی ئەم بۆچوونەش تاک بەبێ گروپ ناتوانرێت لێی بکۆڵرێتەوە. گروپی کۆمەڵایەتیش تەنها کۆبونەوەی ئەندامەکان نییە، بەڵکو ئەو گروپە مێژوو و پێکهاتە ونەریت و دامەزراوەی تایبەت بە خۆی هەیە و بۆ ئەوەی لێی تێبگەین دەبێت لە مێژووەکەی شارەزا بین (Popper,1986:18). پۆپەر ئاماژە بە ناڕونییەک دەکات لە دەربڕینی وشەی (گشت)، ڕونی دەکاتەوە کە وشەی (گشت) دەکرێ بە دوو شێواز بەکار بێت، یەکەمیان: گشتیەتی بە مانای هەموو خەسڵەت و شێوەکانی یەک شت، دووەمیان: تایبەتمەندی و شێوە دیارو ڕاستەقینەییەکانی شتێک. لە دیدی ئەودا گشت لە دەربڕینی خاڵی یەکەم هەرگیز ناتوانرێت ببێتە بنەما بۆ بابەتیک بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی. ناگونجێت ئێمە تێبینی گشت پارچەکانی جیهان یان گشت پارچەکانی سروشت بکەین، تەنانەت لەوانەیە نەتوانین وەسفی بچوکترین پارچەی گشتێک بکەین. "بۆ نمونە ئەگەر ئەندامێکی زیندوو بگوازینەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەوا ئێمە تەنها وەک جەستەیەکی فیزیکی مامەڵەمان لەگەڵ کردووە بە پشتگوێ خستنی تایبەتمەندییەکانی تری"، بە مانایەکی تر ناتوانین کۆنترۆڵی گشت بکەین یان کرداری دووبارە بنیادنانەوە بۆ گشت ئەنجام بدەین. جا ئەگەر گشتە کۆمەڵایەتییەکان یان قۆناغێکی مێژوویی وەربگرین، ئەوا تێگەیشتنی زۆر ئاڵۆز دەبێت و ناتوانین بەسەریدا زاڵ بین (Freeman,1975:21)؛(Popper,1986:76-77).

---

[١] ئەو باوەڕە لەخۆدەگرێت کە بابەتەکانی ناو زانست تایبەتمەندی (گشت)یان هەیە، ناکرێت وەک چالاکی تاکەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت The (Concise Encyclopedia of Western Philosophy,2005:166).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

ئامانجی گشتگەرایی هاوتایە لەگەڵ باوەڕی کۆگەراکان (Collectivist)[٢] کە ئامانجیان دەستگرتن بەسەر کۆمەڵگا و دووبارە مۆدێل بەخشینە بە کۆمەڵگا ، هەروەها ئامانجیان بە ناوەند کردن و دەست بەسەرداگرتنی هەموو کۆمەڵگایە. ئەو ئامانجەی مێژووگەرایی لەگەڵ کایەی سیاسەتدا ئاوێتە دەبێت، واتا پارتێک یان لایەنێکی سیاسی هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەو پێناسە یان قالبەی ئەو باوەڕی پێی هەیە بیسەپێنێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگا و هەموو تاکەکان ناچاربکات کە وەک ئەو بیربکەنەوە و کار بۆ ئەو ئامانجە بکەن کە پارتەکە هەوڵی بۆ دەدات، بەمەش تۆتالیتاریزم سەرهەڵدەدات. بۆ نمونە: پارتی نازی لە ماوەی دەسەڵاتییدا هەوڵیدا تەواوی بیرکردنەوە جیاوازەکان بکوژێت و هەموان ناچار بکات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە جێگای سەرنجی پارتی نازییە. جێگای باسە مێژووگەرایی پەیوەندیی زۆر بەهێزی لەگەڵ یۆتۆپیانیستەکان هەیە، کە هەریەک لە پلاتۆ و مارکس پێشەوایەتی دەکەن، پلاتۆ وەک کەسێکی ڕەشبین پێ وایە، هەموو یان نزیکەی هەموو گۆڕانەکان بەرەو داڕزان و ڕوخانە، هەربۆیە پێویستە ڕێگا لە هەموو گۆڕانەکان بگیرێت. لە کاتێکدا مارکس پێی وایە گۆڕانەکان بەرەو باش بوون دەچن. بەدەر لە خاڵە جیاوازیەکانیان، هەردوولا باوەڕیان بەوەیە کە (کۆتایی) دیاریکراوە، لای مارکس چانسی هەڵبژاردنی کۆتایی نییە، بەڵکو چارەنوسە و هەردەبێت ڕوودات، بەڵام لای پلاتۆ دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ کۆتاییەکی باش کە دەوڵەتە ئایدیالەکەیە، بە مانایەکی تر لای پلاتۆ یەک ڕێگای دەرباز بوون هەیە ئەویش بنیادنانی دەوڵەتێکی ئایدیالە. هەروەها هەردوو لا جەخت لەسەر ڕێبازی گشتگەرایی دەکەنەوە و سورن لەسەر ئەوەی کە دەبێت وەک گشت مامەڵەی زانستی لەگەڵ کۆمەڵگا بکرێت (Popper,1986:73-74).

جەختکردنەوەی پۆپەر لەسەر تاک و دژایەتی بۆ گشت بەو مانایە نایە، کە تاک ناتوانێت تایبەتمەندی مێژووگەرایی هەڵبگرێت. بە پێچەوانەوە دەکرێ لێکۆڵینەوە لە تاکیش مۆرکی مێژووگەرایی هەبێت. وەک ئەوەی میل ئەنجامی دا، میل پێی وایە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگا تێبگەین، پێویستە شۆڕببینەوە بۆ تاک و لە دەرونی تاک تێبگەین. پۆپەر لایەنی تاکیەتی میل قبوڵ دەکات، بەڵام لایەنێکی تر ڕەت دەکاتەوە، کە بریتییە لە بایەخدانی تەواو بە دەرونزانی و سەیرکردنی وەک

---

[٢] سیستەمێکی سیاسییە، کە تیایدا هەموو کاروبارەکان و پیشەسازی... هتد، لەلایەن حوکمەتەوە بەڕێوەدەبردرێت (Oxford Advanced Learners Dictionary,2005-2006:233).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

بنچینەی ڕووداوەکان. پۆپەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕاستە پێویستە لە تاک تێبگەین نەک کۆمەڵ، بەڵام نەک لەسەر بنەمای دەروونناسی، چونکە ئەوە دواتر هاوجوت دەبێت لەگەڵ مێژووگەرایی و لێکدانەوەی دەرونیانە بۆ مێژوو دەکات و لەوانەیە پێشبینی ڕەوشت و دەرونی تاکیش ببێتە ئامانجی (پۆپەر، ٢٠٠٦،ب:٢ :٢٤٤-٢٤٥).

بەشێک لە مێژووگەراکان پشت دەبەستن بە میتۆدی کرۆکگەرایی، کە مانا دەبەخشێت بە شتە دیارەکان، پییان وایە شتەکان کرۆکیان هەیە و گۆڕانەکانیش کرۆکین، هەروەها بۆ ئەوەی لە هەر شتێک تێبگەین پێویستە بیگەڕێنینەوە بۆ کرۆکەکەی، بەمەش مێژوو دەبێت بە بنچینە بۆ ئەم میتۆدە (Jarvie,1995:302).

ژمارەیەک لە مێژووگەراکان سورن لەسەر ئەوەی کە میتۆدی تاقیکاری ناتوانرێت بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ بێت، لەبەر ئەوەی لە بواری کۆمەڵایەتییدا ناتوانین دۆخی تاقیکردنەوەی هاوشێوە بە وردی دووبارە بەرهەم بێنینەوە. لە وەڵامی ئەوەدا پۆپەر ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاستە هەندێ جیاوازی لە نێوان میتۆدی فیزیا و کۆمەڵناسی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵە تێگەیشتنێکی زۆر لە میتۆدی فیزیا هەیە. بە مانایەکی تر ئەوەی پێی دەوترێت (دۆخی هاوشێوە) پەیوەستە بە جۆری تاقیکردنەوەکە، چونکە ئەوە نەگونجاوە پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بڕیار لەسەر جیاوازییەکان یان دۆخی هاوشێوە بدرێت. بۆ نمونە: "دوو وایەر لەیەکەم بینیندا وەک یەک دەردەکەون، بەڵام ئەگەر لە ناو ئامێرێکی ئەلیکترۆنی شوێنەکەیان بگۆڕین ئەوە ئەنجامەکە زۆر جیاواز دەبێت" . لە زانستی کۆمەڵایەتیش بەهەمان شێوە دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە دۆخی هاوشێوە یان جیاواز دوای تاقیکردنەوەکان بەدەست دێت، هەروەها پێویستە ئەو کۆسپ و تەگەرانە پشتگوێ بخرێت کە مێژووگەرا بۆ زانستی کۆمەڵایەتی دروستی دەکات بەوەی کە بەهۆی گۆڕانەوە دۆخەکان گۆڕانیان بەسەر دادێت (Popper,1986:93-94).

بابەتێکی تر کە مێژووگەرا جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین کاری گشتاندن لەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدەین، بەڵام لە زانستە سروشتییەکان دەتوانین ئەم کارە بکەین. وەڵامی پۆپەر بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە کە گشتاندن هەر بۆ زانستی کۆمەڵایەتی نەگونجاو نییە، بەڵکو بۆ زانستی سروشتیش بە هەمان شێوە نەگونجاوە. چونکە ئێمە ناتوانین بزانین ئەو یاسایەی کە ئێمە دەیدۆزینەوە بۆ هەموو شوێنێک گونجاوە یان نا. هەروەها


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دەکرێت یاسا فیزیاییەکانیش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگۆڕین. هەربۆیە کاری گشتاندن نە لە زانستی سروشتی گونجاوە نە لە زانستی کۆمەڵایەتی. واتا هەڵەیەکی گەورەیە هەر یاسایەکمان دۆزییەوە بیگشتێنین بەسەر هەموو جیهان یان سەردەمەکان. لەم سۆنگەیەوە ئەوەی پێی دەوترێت یاسا جیهانیەکان لای پۆپەر تەنها گریمانەن و دەکرێ بگۆڕێن. هەربۆیە دەبینین لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا زانست وەک بوونەوەرە زیندووەکان دەبێتە خاوەن یاسایەکی پەرەسەندن (منداڵی و لاوی و پیری)؟ ئەو دەڵێت نەخێر. بەم پێیە ئەوەی لەسەردەمی میل و کۆمتەوە، بانگەشەی بوونی یاسا دەکەن بۆ مێژوو و پێیان وایە ڕێرەوی مێژوو یاسایە، لای پۆپەر یاسا نین، بەڵکو دەکرێت ڕێڕەو بن، کە گریمانەیەکی کەسین و ناتوانرێت لەسەر بنەمای ئەو ڕێڕەوەش پێشبینی زانستی ئەنجام بدرێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە مێژووگەراکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک فیزیا دەتوانن پێشبینی دوورمەودا بکەن، بەڵام پێشبینییەکی لەم شێوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان نەگونجاوە، چونکە فیزیا لەسەر بنەمای یاسا پێشبینی دەکات و پێشبینییەکانی زانستییە، بەڵام لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان یاسا نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە لێکدانەوە کەسییە (Popper,1986:102,105,113)؛(Mardiros,1975:158).

پۆپەر لە وەڵامی مێژووگەرایی، پێشنیاری خۆی دەخاتە ڕوو. ئەو پێی وایە پێویستە وا لە زانست بڕوانین کە ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ململانێمان لەگەڵ ژیان ڕووبەڕویان دەبین. ئەو باوەڕی بە یەکێتی میتۆد هەیە و پێی وایە ئێمە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و هەڵە کردن بەرەو پێشەوە دەچین، ئەقڵگەرایی ڕەخنەیی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە چارەسەر کردنی کێشەکان (Koertge,1972:196). ئەو لە جیاتی مێژووگەرایی، (تەکنەلۆژی هەنگاو بە هەنگاو) پێشنیار دەکات، کە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ شیکردنەوەی ڕەخنەیی هەیە، لای ئەو تەکنەلۆژی هەنگاو بە هەنگاو ڕێگای سەرەکییە بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی پەسند لە زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو ڕۆڵی چالاک دەبینێت لە چارەسەرکردنی دۆخەکانی ئێستا. جێگای باسە کاری ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو دیزاین کردنی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و دووبارە بنیادنانەوەی دەزگا کۆنەکانە، وەک چۆن ئەندازیاری فیزیا کاری دیزاین کردنی مەکینەکان و دووبارە دارشتنەوەی مۆدیلەکان یان پاراستنیانە. ئەو جیاوازە لەگەڵ مێژووگەرایی و یۆتۆپیانیزم و هیچ کۆتاییەک دیاری ناکات و وا بیرناکاتەوە هێزە

مێژووییەکان داهاتوو دیاری دەکەن ، بەڵکو داهاتوو بە کراوەیی بە جێدێڵێت و چاوەڕێی داهاتوو دەکات و بە پەرۆشەوە ئامادەیە و شێلگێرانە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر دەدات بۆ کێشەکان و لە خەمی ئەوە دایە نادڵنیایی کەم بکاتەوە. هەروەها هەنگاو بە هەنگاو دژی مێژووگەراییە، کە هەوڵدەدات شۆڕشگێرانە بارودۆخەکان چارەسەر بکات (Gray,1976:342)؛(Ezebuilo,2019:73).

هەنگاو بە هەنگاو دژە لەگەڵ میتۆدی گشتگەرایی کە دەیەوێت دووبارە مۆدێل بە هەموو کۆمەڵگا بدات، بەڵکو پۆپەر تاکگەرایی (Individualism)[١] وەک بنەما دەبینێت بۆ زانستی بوون و پێی وایە پێویستە هەموو ڕوودا و دیاردە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان تاکیانە لێی بکۆڵرێتەوە (Bhargava,1994:3313). هەروەها یەکێکی تر لە جیاوازییەکانی نێوان گشتگەرایی و هەنگاو بە هەنگاو ئەوەیە هەنگاو بە هەنگاو دەتوانێت بە بیرێکی کراوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدات، بەڵام گشتگەرایی ناتوانێت ئەمە بکات، چونکە پێش وەختە بڕیاری ئەوەی داوە کە دووبارە بنیادنانەوەیەکی گشتی پێویستە (Popper,1986:69).

لە وەڵامی کرۆکگەراییدا پۆپەر دەڵێت " ناتوانین بڵێین دەزگاکانی ناو حکومەتی بەریتانیا هەمان شتە لەگەڵ بەریتانیا لە چوار سەدەی ڕابردوو لەبەر ئەوەی هەردووکیان حکومەتن، چونکە دەزگاکانی ناوی گۆڕاون". ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەسفییە (Descriptive) و زاراوەکان کە بەکاردێن ڕووکەشگەراییە (nominalism)[٢] بە مانایەکی تر ئێمە لەگەڵ شتە بەرجەستەکان مامەڵە دەکەین نەک نادیاری یان ئەودیوی شتە بینراوەکان. ئەو پێی وایە ئەگەر ئەو میتۆدە بەکاربێنین، دووبارە بۆ ناسین و تێگەیشتنی هەر شتێک دەگەڕێنەوە بۆ مێژوو، هەروەها ئەگەر بۆ ناسینی کۆمەڵەیەک یان گروپێک بگەڕێینەوە بۆ مێژووەکەی، ئەوا پێویستە ئەو چەمکانەی بەکاردێن مێژوویی بن، تەنانەت لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی بکەین دەبێت چەمکی مێژوویی بەکاربێنین،

---

[١] میتۆدێکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت وا سەیر بکرێن کە حەز و باوەڕ و کاری تاکەکانن (The Shorter routledge encyclopedia of philosophy ,٢٠٠٥ :٣٨٩).

[٢] تیۆرێکە کە پێی وایە شتەکانی ناو بیرکردنەوە تەنها وشەن، بە پێچەوانەی کرۆکگەرایی کە پێی وایە شتەکان حەقیقەتێکیان هەیە (The Concise Encyclopedia of Western Philosophy,2005:270).

لەم حالەتەشدا زانستە کۆمەڵایەتییەکان مۆرکی مێژوویان دەبێت، لە کاتێکدا مەعریفەی مێژوویی ناتوانرێت وەک بنەمایەکی زانستی ببینرێت، چونکە ڕووداوەکانی ناو مێژوو دەرهاویشتەی تاقیکردنەوەیەکی زانستی نین (Popper,1986:31,69,136).

ڕەخنەی ئەوە لە پۆپەر دەگیرێت کە هیچ کەس نەماوە باوەڕی بە مێژووگەرایی بێت، کەواتا بۆ ڕەخنەی لێبگیرێت. پۆپەر لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەرچی ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا بەرگری لەو باوەڕە دەکەن کەم بووە، بەڵام هێشتا هەست دەکەم لە ناو لافاوی ئەو ئەندێشانە نوقم دەبم، کە بەرگری لەو دیدە دەکەن. ئەوان هەوڵ دەدەن ئێستا بناسێنن و باسی ڕوحی سەردەم دەکەن . هەوڵدان بۆ ناسینی ئێستا، بەو مانایەی کە ئایدۆلۆژیایەک یان کایەکی مەعریفی زاڵە، ئەوە لە خۆیدا پشتگیری کردنی مێژووگەراییە (پۆپەر،٢٠٠٨ :٥١).

ئەگەر مێژووگەرایی ئەوەندە کەم و کورپەی هەبێت وەک پۆپەر ئاماژەی پێدەکات، ئەوا جێگای پرسیارە کە بۆچی تا ئێستا شوێنەواری لە ناوماندا ماوە ؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پۆپەر ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکاری ئەوەی کە مێژووگەرایی تا ئێستا شوێنکەوتەی هەبێت و بەشێکی زۆر لە توێژەران پەیرەوەی لێبکەن لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە، ئەوەیە ئەو پێشبینیانەی لەسەر بنەمای مێژووگەرایی دەکرێت مژدە بەخش و جێگای ئاسودەبوونی شوێنکەوتوانەییەتی، بەوەی هیواو ئومێد دەبەخشێت. بە مانایەکی تر ئەو کەسە یان ئەو چینەی لە بارودۆخێکی خراپدایە ئومێدی دەبێت بۆ باش بوونی بارودۆخی ژیانی. خاڵێکی تر بۆ لایەنگری کردنی مێژووگەرایی ئەوەیە (میتافیزیکی مێژووگەرایی) مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە بەرپرسیاریەتی، چونکە ئەگەر کەسێک دڵنیا بێت کە هەوڵ و کۆششیش بکات هەر ناتوانێت لە هەندێک یاسا دەربچێت ئەوا هەوڵ نادات و ملکەچی واقیعەکە دەبێت. بەڵام پێویستە ئەوە بوترێت کە هەندێک لە مێژووگەراکان باوەڕیان بە توانای مرۆڤ هەیە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکان وەک مارکس. بەڵام دواجار ئەوانیش ناتوانن لەو قۆناغە مێژووییانە دەربچن کە وەک یاسای سروشتی وایە بۆ ئەوان. ئەوان وا بیر دەکەنەوە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان تەنها ئامانجییان پێشگۆیی مێژووییە و لە دەرەوەی ئەو ئامانجە، زانستی کۆمەڵایەتی بە کەڵکی هیچ نایەت. پۆپەر بەو کەسانە دەڵێت "یاوەرە سەرلێشێواو و بێهیواکانی مێژووگەرایی"


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

(پۆپەر،٢٠٠٦،ب:١ : ٢٢-٢٣). یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە تا ئێستا مێژووگەرایی شوێنکەوتەی ماوە و تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاویش لە ڕۆشنبیران شوێنی کەوتوون ئەوەیە کە ئەوان لەو دۆخەی تێیدا دەژین ناڕازین، یان بە واتایەکی تر ناڕازین لەو جیهانەی کە ناگاتە ئایدیا ڕەوشتی و خەونەکانی ئەوان. ئەوان خوازیاری جیهانێکی کەماڵن و دەیانەوێت لە ڕێگەی لایەنگیریان لە ئایدیاکانی لەم شێوە هەوڵی بەدیهێنانی بدەن (پۆپەر،٢٠٠٦،ب:١ :٢٤).

## ئەنجام:

١- مێژوگەرایی چەمکێکی دیاری ناو فەلسەفەی مێژووە و بە شێوازی جیاواز لە لایەن فەیلەسوفانەوە لێکدراوەتەوە.

٢- مێژووگەرایی خاوەن دوو ڕەهەندە لای پۆپەر، یەکەمیان تیۆرییە و ئەوەی تریان میتۆدییە. مێژووگەرایی وەک تیۆر دەبێتە هۆی چێ کردنی دۆخێک، کە ئازادی بیرکردنەوە قەدەغە دەکات و تۆتالیتاریزم دەبێتە مۆرکی سەرەکی، کە بڕوای بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات بە بێ خوێن ڕشتن نییە و هەوڵدانە بۆ لە قالبدانی کۆمەڵگا و تواندنەوەی جیاوازییەکان و خەساندنی تاکە لە ڕووی بیرکردنەوە، بەوەی کە دەبێت هەموان وەک یەک و تاکیش وەک گشت بیربکاتەوە. دەکرێ ئەم دۆخەش بە کۆمەڵگای داخراو ناوی ببەین. لە ڕووی میتۆدیەوە مێژووگەرایی ناتوانێت ئەنجامی پەسند لە توێژینەوەکانی بەدەست بێنێت، بەوەی لە یەک گۆشەنیگاوە دەڕوانێتە هەموو ڕووداو دیاردە و کۆمەڵگا، هەروەها بەشێکی زۆریش لە مێژووگەراکان گشتیانە دەڕوانن و گشتیش ناتوانێت ببێتە بنەما بۆ توێژینەوەیەکی زانستی، جگە لەمەش بەشێکی تریان مامەڵە لەگەڵ جیهانی بەردەست ناکەن، بەڵکو بڕوایان بە ڕۆحی شتەکان هەیە و بە کرۆک یان ڕاستەقینەی شتە بەردەستەکانی دەزانن.

٤- لە ڕاستیدا مێژووگەرایی هەر دیدی مێژووگەراکان سەبارەت بە مێژوو ناگرێتەوە. بەڵکو ئەوان لە ڕێگەی مێژووگەرایەوە پێناسەی هەموو ژیانیان کرد. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین مێژووگەرایی مانا بەخشینە بە ژیان. چونکە ڕاڤەکانیان لەخۆگری ڕابردوو و ئێستا و داهاتووە، وە بۆ هەموو شوێنێک و هەموو ڕووداوێکە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٥- مێژووگەرایی فۆرمێکی مەترسیداری بیرکردنەوەیە، دەستنیشان کردنی داهاتووە، لەوەش زیاتر، کارکردنە بۆ بەدیهێنانی ئەو داهاتووە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ئامرازانەی کە لە بەدیهێنانیدا بەکاردێت، بەمەش هەر کارێک لە خزمەت وەراستگەڕانی داهاتووەکە بێت جێگای قبوڵە، ئەگەر توند و تیژی و کوشتنی مرۆڤیشی لێبکەوێتەوە. ئەو بیرکردنەوە تەسکە دۆخێک دێنێتە کایەوە کە فرە ڕەنگی لە کۆمەڵگا قەلاچۆ دەکات و دوژمنی هەبوونی جیاوازی بیرکردنەوە و هەڵس و کەوت کردنە.

## سەرچاوەکان:


پۆپەر، کارل. ٢٠٠٦، کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی، بەرگ: ١، وەرگێڕ: ئیدریس شێخ شەرەفی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

پۆپەر، کارل. ٢٠٠٦، کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی، بەرگ: ٢، وەرگێڕ: ئیدریس شێخ شەرەفی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

پۆپەر، کارل. ٢٠٠٨، ئوستوورەی چوارچێوە، وەرگێڕ: ئیسماعیل زراعی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

Donagan, Alan. 1974, (POPPEER`S EXAMINATION OF HISTORICISM), The Philosophy of KARL POPPER, Book: 2, THE LIBRARY OF LIVING PHILOSOPHERS, EDITED BY: PAUL ARTHUR SCHILPP, Open Court, ILLINOIS.

MARCUSE, HERBERT and POPPER, KARL. 1985, REVOLUTION OR REFORM? (A Confrontation), Precedent Studies in Ethics and Society, Editor: A. T. FERGUSON, Translators: MICHAEL AYLWARD AND A. T. FERGUSON, Second Printing, Precedent Publishing, New Brunswick and Oxford.

Oxford ADVANCED LEARNERES` Dictionary, 2005-2006, NEW EDITION, انتشارات ثامن الائمه(ع) و نشر منادی، ایران.

Popper, karl R. 1962, CONJECTURES AND REFUTATIONS (The Growth of Scientific Knowledge), NEW YORK AND LONDON.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

Popper, Karl. 1974, (Donagan on The Poverty of Historicism), The Philosophy of KARL POPPER, Book: 2, THE LIBRARY OF LIVING PHILOSOPHERS, EDITED BY: PAUL ARTHUR SCHILPP, Open Court, ILLINOIS

POPPER, KARL. 1986, THE POVERTY OF HISTORICISM, ARK PAPERBACKS, London and New York.

Simon, Blackburn. 1996, The Oxford Dictionary of Philosophy, Oxford University Press, Oxford and New York.

THE CAMBRIDGE DICTIONARY OF PHILOSOPHY, 1999, Edited by: ROBERT AUDI, SECOND EDITION, Cambridge University press, Cambridge.

The Concise Encyclopedia of Western Philosophy, 2005, Edited by: Jonathan Rée and J.O. Urmson, Third Edition, Routledge, LONDON AND NEW YORK.

The shorter routledge encyclopedia of philosophy, 2005, edited by: edward craig, Routledge, LONDON AND NEW YORK.

خيربک، فؤاد محمود ناصيف. ٢٠٠٢، من الإِبستمولوجيا الى المجتمع ( التاريخانية والمجتمع المفتوح عند بوبر)، منشُورات وزارَة الثَقافَة، دمشق.

Birner, Jack. 2018, Karl popper`s The Poverty of Historicism After 60 years, springer Science+Business, REVIEW ESSAY.

Bhargava, Rajeev. 1994, Karl Popper: Reason without Revolution, Economic and Political Weekly, vol: 29, No: 53, URL: http:// www.jstor.org/stable/4402190, Accessed: 13-12-2018 22:01 UTC.

Ezebuilo, Dr Hyginus Chibuike. 2019, Popper`s Piecemeal Engineering and Social Reform in Africa, International Journal of Advanced Enginerring, Management and Science (IJAEMS), vol: 5, Issue-1, URL: http: //dx.do.org/10.22161/ijaems.5.1.10.

Freeman, Michael. 1975, Sociology and Utopia: Some Reflections on the Social Philosophy of Karl Popper, The British Journal of Sociology, vol: 26, No:1, URL: http:// www.jstor.org/stable/589240, Accessed: 06-05-2018 10:13 UTC.

Gray, John N. 1976, The Liberalism of Karl Popper, Government and Opposition, vol: 11, No: 3, URL: http:// www.jstor.org/stable/44482132, Accessed: 13-12-2018 22:03 UTC.

Jarvie, Ian. 1995, Sir Karl Popper (1902-94): essentialism and historicism in film methodology, Historical Journal of Film, Radio, Television, 15:2, Doi: 10. 1080/01439689500260181, URL: http: //dx.doi.org/10. 1080/01439689500260181.

Kenaw, Setargew. 2010, Psychoanalyzing Historicists?: The Enigmatic Popper, Journal for General Philosophy of Science / Zeitschrift fur allgemeine Wissenschaftstheorie, vol: 41, No: 2, URL: http:// www.jstor.org/stable/40984868, Accessed: 06-05-2018 10:11 UTC.

Koertge, N. 1972, On Popper`s Philosophy of Social Science, PSA: Proceedings of the Biennial Meeting of the Philosophy of Science Association, URL: http:// www.jstor.org/stable/3698969, Accessed: 06-05-2018 10:15 UTC.

Lessnoff, Michael. 1980, The Political Philosophy of Karl Popper, British Journal of Political Science, vol: 10, No: 1, URL: http:// www.jstor.org/stable/193450, Accessed: 13-12-2018 22:05 UTC.

Mardiros, Anthony M. 1975, Karl Popper as Social Philosopher, Canadian Journal of Philosophy, vol: 5, No: 1, URL: http:// www.jstor.org/stable/40230563, Accessed: 06-05-2018 10:07 UTC.

Passmore, John. 1975, The Poverty of Historicism Revisited, History and Theory, Vol: 14, No: 4, URL: http:// www.jstor.org/stable/2504664, Accessed: 06-05-2018 10:10 UTC.

Sorokin, Pitirim A. 1958, Reviewed: The Poverty of Historicism by Karl Popper, American Sociological Association, vol: 23, No: 3, URL: http:// www.jstor.org/stable/2089262, Accessed: 11-12-2015 12:36 UTC.

Urbach, Peter, 1978, Is Any of Popper`s Arguments against Historicism Valid?, The British Journal for the Philosophy of Science, vol: 29, No:2, URL: http:// www.jstor.org/stable/687122, Accessed: 06-05-2018 10:15 UTC.

Youtube. 1974, Karl_Popper_Clips, URL: https://www.youtube.com/watch?v=sLDpj8dx0UU.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

# Criticism of Historicism by Karl Popper

**Badinan Mohammed Rasool**

Department of history, faculty of Education, Koya university, Koya, Kurdistan Region Iraq

Email: Badinan.741163@gmail.com

**Hassan Husen Sdiq**

Department of Philosophy, College of Humanities, University of Raparin,Rania, Kurdistan Region, Iraq.

Email: hassan.25@uor.edu.krd

**Jamal Fathulla Taib**

Department of history, faculty of Education, Koya university,Koya, Kurdistan Region, Iraq.

Email: jamal.fathulla@koyauniversity.org

## Abstract:

Karl Raimund Popper is one of the influential and prominent philosophers in the 20th century, who had a crucial role in the natural and social sciences. Whatever he discussed was the subject to study and engaged many researchers and intellectuals in it. This thesis is another paper which shows an effective and a wide range of Popper's philosophy field.

Popper`s criticism of Historicism is one of his characteristics that he is known for. In addition, it can be said that his two books entitled the (The poverty of Historicism, and The Open Society and It`s Enemies) have been dedicated to this purpose. In this thesis (Criticism of Historicism by Karl Popper), the focus is on Popper`s criticism of Historicism and it attempts to display his perspective on this issue objectively.

**Key Words:** Popper, Criticism, History, Historicism, Determinism

**ملخص:**

كارل رايموند بوبر تعتبر واحدا و من الفلاسفة المؤثرين في القرن العشرين، وكان له دور بارز في العلوم الطبيعية والاجتماعية ، لقد تحدث بوبر عن تلك المجالات التي هي محل البحث، لدى الباحثين والمفكرين، وهذا البحث هو أحد البحوث الذي أخذت من فلسفة بوبر مساحة واسعة.

ان نقد بوبر في التاريخانية هو أحد العلامات الرئيسية التي يعرف بها، وفضلا على ذلك خصص بوبر كتابين بأسم (بؤس التاريانية)،( المجتمع المفتوح واعدائه) لذلك الغرض. في هذا البحث الذي عنوانه (النقد في تأريخانية عند كارل بوبر)، نتحدث عن نقد بوبر في التأريخانية، وقد حاول الباحث أن يعرف وجهة نظر بوبر بصورة موضوعية.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020